http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.39

# كەركوك و گەرمەسێر جیَ ململانێ ی نێوان حكومەتی ناوەندو بزا فی كورد

علی احمد حسن

زانكۆی گەرمیان كۆلیژی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەكان

## پوختە :

(یا كەركوك و خانەقین یا تا ماوین دەجەنگین، وتەی بەرێز مام جەلال)

-لەووەتەی دەوڵەتی عیراق دامەزراوە گەلی كورد لە خەباتیكی بیَ وچان بوە لە پێناو سەلماندنی ما فە نەتەوەیی و دیموكراتیەكانیدا ،حكومەتی ناوەند یش تا ئەو پەڕی هەوڵی داوە بۆ سەركوتكردنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی كورد ، جوڵانەوەی كورد بزووتنەوەیەكی مێژووكردی مەوزوعیە تەعبیر لە ئیرادەو ئاواتەكانی گەلی كورد ئەكا لە پێناو بەدەسهێنانی ما فەكانیدا بۆ پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی و گەشەكردنی ، كاربەدەستانی دەسەڵاتی ناوەند لە عیراق هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی هاشمیەوە هەتا ئێستا مەسەلەی كوردیان بەناهەق و نارەوا بە یەكیك لە كرنگترین ئەو خەتەرانە لە قەڵەم داوە كە هەرەشە لە عیراق ونەتەوەو نیشتمانی عەرەب دەكات لە كاتێكدا ئەمە بۆچونێكی چەوت ،بەڵكو شۆفینی و رەگەز پەرستانەیە ودوورە لە راستیەوە ،لە روانگەی بەرهەڵستی "خەتەری" مەسەلەی كوردەوە ،هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە ،دەسەڵاتی ناوەند ئەو پارەو پولەی لە سەركوتكردنی جوڵانەوەی كوردو وێرانكردنی كوردستاندا خەرجیان كردووە ئەو رەنج و ماندوبونەی لە كوژاندنەوەی كڵپەی شۆڕش و راپەرینەكانی كورددا بە فیڕۆیانداوە ئەو هەمووە خوێنەی لەڕۆڵەكانی كوردو عەرەبیان بە رشتن داوە ،ئەگەر چەن یەكی ئەوەی لە پرۆژەكانی ئاواكردنەوەی كوردستان و گەشە پێدان وپێشخستنیدا و سوشتی جوانی كوردستاندا خەرج بكردایە ئیستا هەم عێراق و هەم كوردستان لە بارو زروفێكی ترو هاوكات گەلی عێراق و گەلی كورد لە قۆناغێكی تری ژیاندا ئەبون ، بەڵام كینەو بوغزی نەتەوەیی دەسەڵاتی ناوەندو دانانی مەسەلەی كورد بە خەتەر بۆسەر خۆیان و نەتەوەو نیشتمانی عەرەب وای لێكردون هەمیشە لە هەوڵدانی بەردەوامدابن بۆ تواندنەوەی گەلی كوردو مێژوو و نەریت و داب و دەستوری كوردی و داگیركردنی ئەرزەكەی و هەڵلوشینی چاوچنۆكانەی سەروەت و سامانی كوردستان وبەری رە نجی خەڵكەكەی ،ئەمەش دەلاقەیەكی گەورەی لە بەینی دەسەڵاتی ناوەندو بزافی كورد دا دروست كردوە . مەنتیقی چەوتی رەگەزپەرستانەی دەسەڵاتی ناوەند گوایە بۆ ئەوەی خەتەری كورد نەمێنیَ لە سەر دوڵەتی عیراق ،كە بە پێی قسەی ئەوان بەشێكە لە نیشتمانی عەرەب بۆ ئەم مەبەستەش :

- دەیان هەزار خێزانی كوردی فەیلییان لە عیراق دەركردو سەروەت و سامانیان زەوت كردن
- دەیان هەزار خێزانی كوردیان لەو ناوچانە دەركرد كە تێكەڵاون لە كوردو توركمان و عەرەب ،عەرەبیان و هێنایە جێگایان
- دەیان هەزار خێزانی كوردیان لەو ناوچانە دەركرد كە پەترۆڵ یا مەعدەنی تریان تێدایە
- سەدان هەزار خێزانی كوردیان لە گوندەكانی سەرسنوری ئێران و سوریا دەركرد ئەوەی بە درێژایی هەزاران ساڵ لە باخ و رەزو ئاوەدانی بنیاتیان نابو تێكیاندا

- ئەمانە سەرەڕای ئەوەی دامەزراوە گرنگەکانی پەترۆڵ وکارەباو کبریت وئاسن لە ڕوی کرێکاری کورددا داخراو دەزگاو دائیرە گرنگەکانی دەوڵەت جێگەی کوردی تێدا نەدەبووەوە ، دەسەڵاتی ناوەندی عێراق لە سەر بنچینەی جیاوازی ڕەگەزایەتی وجیاوازی حیزبایەتی جیاوازی مەزهەبی بوە و دانراوە ، نەك هەر ناتوانی پاشەڕۆژی عێراق بپارێزێ بەڵکو زەمینەی هەڵوەشان و لەت و پەت بونی قەڵەمڕەوەکەی خۆش ئەکا .

## لەم توێژینەوەیەدا :

دەمەوێت تیشك بخەمە سەر کەرکوك و گەرمەسێرلە بەڵگە نامەکانی

لێکۆڵەرو نوسەرو خاوەن بڕیارە سیاسیە هەستیارەکان لە ئەمریکایی و بەریتانی و عوسمانیەکان دەربارەی کوردستانیەتی شاری کەرکوك وچۆن دۆزینەوەی نەوت لەم شارە هەر لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە بو بە بەربەست و لەمپەر لە بەرامبەر دروست بونی دەوڵەتی کوردیدا لە هەمان کاتدا یەکێك لە هۆکارە هەرە گرنگ و سەرەکیەکانی دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراق.

## گرنگی ئەم بابەتە :

لەوەدایە توێژەر بگەڕێ بە دوای فاکتەرە سەرەکی و جەوهەریەکانی ئەم پرسە کە چۆن سەریهەڵداو لە ڕابردوو ئێستاشی لەگەڵدا بێ ؟ بۆچی ڕێگربووە لە بەردەم سەربەخۆیی کوردستان ؟؟

## میتۆدی توێژینەوە :

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە میتۆدێکی شیکاری بەراوردکاریە بە گەڕان بەدوای بەڵگە نامەو سەرچاوەکان دواتر شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکان و بەراوردکردنیان بۆ گەیشتن بەڕاستیە میژووییەکان و دانانی میکانزمی گونجاو بە مەبەستی چارەسەر و خستنە ڕووی پێشنیارەکان.

## کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە کێشەی ململانێی نێوان دەسەڵاتی ناوەند و بزافی کوردە لەسەر ناوچەکانی (کەرکوك و گەرمەسێر) کە هەندێکیشی پەیوەندی بە کێشەی ویلایەتی موسڵەوە هەبوو. کە لە جەوهەریدا کێشەی کوردستانی باشور بوو. کە پێشتر ناوی ویلایەتی شارەزوور بووە و پایتەختەکەی شاری (کەرکوك) بووە. ئەو ویلایەتی شارەزوورەش لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بە کوردستان دادەنرا، بە شاهێدی هەموو مێژوو نووسەکانی ئەنسکلۆپیدیا کە (قاموس الاعلام) ناوزەند کرابوو.

هاوکات نەخشەی جوگرافیای عوسمانییەکان کە لە ساڵی ١٨٩٣ سنوری نەتەوەکان وەك عێراقی عەرەبی و ویلایەتەکانی شام بە دەستی عوسمانییەکان خۆیان سنوری ویلایەتی موسڵ و شارەزوور نووسراوە کوردستان، کە شاری موسڵ و کەرکوك دەکەوێتە ناو سنوری کوردستانەوە.

## گریمانەی توێژینەوە:

ئەو ململانێ و سەودا و مامەڵانەی کە لە نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ هاوکاری دەسەڵاتی ناوەندی حوکمەتی عێراق و بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە شاری کەرکوك و گەرمەسێر ( خانەقین ) هیچ لایەنێکی ماف و داواکاری خەڵکی کوردستانیان ڕەچاو نەکردبوو. لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ ئەو پرۆژانە ئەکەین و گریمانەکان ئەخەینە ڕوو بە تایبەتی پرۆژەکانی بەریتانیای خاوەن هێز و دەسەڵاتی ئەو سەردەمە بۆ هەماهەنگی چەسپاندنی سیستەمی ناوەندی لە عێراق و پشتگیری حوکمەتی تازە دامەزراوی عێراق.

## ئاما نجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە دوای ئەو هۆکارانەدا دەگەڕێت کە بووبوونە فاکتەری سەرەکی ململانێکان لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی عێراق و بزافی کورد، ئەم توێژینەوەیە هەموویان لە خاڵێکی گرنگ و جەوهەریدا کۆدەکاتەوە کە ئەویش پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا و حوکمەتی عێراق ئەویش نەوت و سامانی سروشتی ناوچەکانی کەرکوك و گەرمەسێر ( خانەقین ) بوو کە لە پێناویدا یارییان بە چارەنووسی گەلی کوردی بەش مەینەتی کرد و تووشی ئەو هەمووە ماڵ وێرانی و کاولکارییەیان کرد.

## پەیکەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو باسی سەرەکی و دەرئە نجام پێکدێت، باسی یەکەم پێکهاتووە لە سێ تەوەر، باسی دووەمیش لە چوار تەوەر پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا دەربارەی گەرمیان و گەرمەسێر وەك ناوچەیەکی جێ ململانێ لە تەوەری یەکەمدا باسی گەرمیان و گەرمەسێرمان کردووە بە تایبەتی شاری ( خانەقین )، لە تەوەری دووەمدا ئاماژەمان بۆ ئەو ململانێیانە کردووە کە لە نێوان حوکمەتی ناوەند و بزافی کورددا هەبووە لەسەر ناوچە جێ ناکۆکەکانی وەك کەرکوك و گەرمەسێر، کە لە یەکێك لە گفتوگۆکاندا جەنابی ( مام جلال ) باسی کردبوو ئەوانیش سەبارەت بە کەرکوك وت بوویان ( قەیناکە ڕێگەتان پێ دەدەین بە ناویا برۆن )، بەڕێز مام جلالیش لە وەڵامدا وت بووی ( ماڵتان ئاوا بێت بەس نیە ڕێگەمان پێ دەدەن بە ناویا برۆین، خۆ برایانی شیعە لە ماڵەکانی خۆیاندا ناتوانن و ناوێرن بۆ حسەین ( ڕ.خ ) بگرین ). تەوەری سێیەم باسی دەسەڵاتی ناوەند و ڕاگواستنی ناوچەکانی گەرمەسێرمان کردووە. بەڵام لە باسی دووەمدا ئاماژەمان بۆ نەوت وەك هۆکاری یەکلاکەرەوە کردووە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، لە تەوەری یەکەمدا باسی ئیمتیازی نەوتی ( موسڵ ) مان کردووە، لە تەوەری دووەمدا چەند مانۆڕ و سەوداکارییەکمان خستۆتە ڕوو لە پێناو نەوتی ناوچەکانی گەرمیان و گەرمەسێردا، لە تەوەری سێیەمدا باسی مەسەلەی کەرکوکمان کردووە لە حوکمەتەکەی ( شێخ مەحموود ) دا، تەوەری چوارەمیش دەربارەی نەوت و ململانێکان لەسەر کەرکوك ئەو بەڵگە نامە ڕاست باوەڕپێکراوانەی کە دەیسەلمێنێت کەرکوك و گەرمەسێر کوردستانین بەم شێوەیە لەم باس و تەوارانەدا توێژینەوەکە دەخەینە ڕوو. لە کۆتایشدا دەرئە نجامەکان دیاری دەکەین.

-

-

-

-

## باسی یەکەم : گەرمیان و گەرمەسێر وەك ناوچەیەكی جێ ململانێ -

### تەوەری یەکەم: گەرمیان و گەرمەسێر ( خانەقین ) -

گەرمیان و خانەقین ،لەڕووی ئاووهەوا و سروشتی زەوی و گوزەرانی دانیشتوان لە یەكترەوە نزیكن تەنیا لەڕووی جوگرافییەوە نەبێت كە ڕووباری سیروان لەیەكتریان جیادەكاتەوە.

ڕووباری سیروان ڕۆڵێكی نێگەتیڤی هەبووە لە گەشەكردن و بەهێزبوونی پەیوەندی هەردوو ناوچەكەداو هاتووچۆكردنی نێوانیانی بە تایبەت لە وەرزی زستان و بەهاردا دژواركردووە.

بەر لەدروستبوونی دەوڵەتی عێراق، زۆربەی كات خانەقین بەدەستی عوسمانییەكانەوە بووەو جاروباریش كەوتۆتە ژێر دەسەلآتی ئێرانەوە. ساڵی ١٩٢١ كە دەوڵەتی عێراق دا مەزرا ئەو ناوچەیە بەسترایەوە بە پارێزگای دیالەوە وەكو قەزایەك كە پێكهاتبوو لە قەزای ناوەندو ناحیەی مەیدان و قورەتوو ( قزرابات-سەعدیە ) و دواتر ناحیەی ( جەلەولا- قەرەغان )یش دامەزرا. ئەو بەستنەوەیەش بەدەرنەبوو لە سیاسەتی دەوڵەتی عێراق بۆ بەعەرەبكردنی ناوچەیەكی كورد نشینی وەك خانەقین.

ڕووباری سیروان و جیاوازیی پەیوەندی ئیداریی خانەقین و گەرمیان و لێكدابڕانیان و كاریگەریی فەرهەنگیی ئێران لەلایەك و فەرهەنگیی عەرەبی لەلایەكی دیكەوە بۆ ماوەیەك پەیوەندییەكانی گەرمیان و خانەقینی سست كردو لە چوارچێوەیەكی دیاریكراوو لاوازدا هێشتییەوە. دوای ئەوەی چەندین پرد لەسەر ڕووباری سیروان دروست كران ( پردی جەلەولا، پردی كەلار، پردی مەیدان )،هاتووچۆ ئاسان كراو لە پاڵ كاریگەریی بیری نەتەوایەتی و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ و ئەو پەیوەندییە كۆمەلأیەتیانەی كە پێشتر هەبوون لەنێوان دانیشتوانی هەردوو ناوچەكەدا هەموو ئەمانە ئامرازێكی باش بوون بۆ بەهێزبوونی پەیوەندیەكان. بەڕادەیەك خەڵكی خانەقین و گەرمیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەكەماندا بەدەنگی یەكترەوە هاتوون و لەشۆڕشەكاندا بەشداریی بەرچاویان كردووە.

لە شۆڕشی ١٩٢٠ دا هەردوو ناوچەكەو بەتایبەتی خانەقین و كفری و خورماتوویش لە خەباتی سیاسی و چەكداری و بوارە جیاوازەكانی دیكەی تێكۆشاندا هاوسەنگەربوونەو هاوكاریی یەكترییان كردووە.

دوای تێكچونی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥ دا زۆر لە دانیشتوانی شاری خانەقین و هەموو دانیشتوانی ناحیەی قورەتوو ومەیدان و گوندەكانی دەوروبەری شار بەزۆر لە زێدی خۆیان دەركران. زەوی و خانوو و باخ و سامانەكانیان لەلایەن ئەو عەرەبانەوە داگیركران كە لە باشوورو ناوەڕاستی عێراقەوە هێنرابوونە ناوچەكە. خەڵكە دەركراوەكەیش دوای ماوەیەك ماندبوون و سەرگەردانی بەشی زۆریان لە كەلار، باوەنوورو دەربەندیخان نیشتەجێ بوون. ئەوان ئەمڕۆ لەگەڵ دانیشتوانی ئەو جێگایانەی ئاماژەیان پێ كرا ژیانی ئاسایی بەسەردەبەن و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەبەشداریكردن لە گەشە پێدانی باری ئابووری و ڕۆشنبیریی گەرمیانداو هیوا بڕاویش نین لە گەڕانەوەیەكی سەربەرزانە بۆ زێدی خۆیان.

### تەوەری دووەم: حكومەتی ناوەندی و بزافی كورد ( ململانێ لەسەر كەركوك و گەرمەسێر ) -

عێراق بەم سنورەی ئێستای و، بەم پێكهاتنە نەتەوەیی و دینی و مەزهەبییەوە كە هەیە،دەوڵەتێكی تازەیە، قولأییەكی مێژوویی نییە، چونكە عێراق نەوەكو دەوڵەت و نەوەكو موستەعمەرەیەكی یەكگرتو، بەم سنورەی ئێستای و تەنانەت وەكو ولأتێكی یەكگرتووش لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی دا وجودی نەبووە، بەڵكو لەدوای ڕوخانی سەڵتەنەتی

عوسمانیەوە، لەپاش جەنگی جیهانی یەكەم ، كە دەوڵەتە ئیمپریالیستە گەورەكانی دنیا لەبەینی خۆیان دا ڕێك كەوتن لەسەر دابەشكردنی میراتی (كابرا نەخۆشەكە)ی عوسمانی، وە بەپێ ی تەرازوی هێزەكانی ئەو سەردەمەی دەوڵەتە گەورەكانی دنیا و ڕوداوەكانی ئەوسا، بۆ تەئمین كردنی بەرژەوەندییەكانی ئیمپریالیزم و كۆنە پەرستی، بێ گوێ دانە ڕەغبەت و ئارەزوی میللەتەكانی ناوچەكە و، بێ لێكدانەوەی هیچ ئیعتیبارێكی نەتەوەیی و دینی ... تەنانەت بێ گوێدانە ئیعتیبارێكی ئینسانی، ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بە گوێرەی قازانجەكانی خۆیان لەت و پەت كرد.

هەر ئەو زەمانەی ئەم ناوچەیەی تێدا لەت وپەت كرا، جوڵانەوەیەكی بەهێز لە سەرانسەری عەرەبستاندا گەشەی كردبوو، لە پێناوی یەكخستنی وڵاتانی عەرەبی و بەدیهێنانی سەربەخۆییدا، تەنانەت شۆڕشی عەرەبی كە شەریف حسێن سەركردایەتی ئەكرد و ئینگلیز ڕاستەوخۆ یارمەتی ئەدا، ئامانجی هەرە گەورەی سەربەخۆیی و یەكگرتنەوەی (مشرقی عربی) بو. هاوزەمان لەگەڵ ئەو جوڵانەوەیەدا، جوڵانەوەیەكی نەتەوەیی پەرەسەندوش لە كوردستان دا هەبو، كە ئینگلیز دوژمنایەتی ئەكرد، لە پێناو بەدەس هێنانی مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنوسی خۆیدا لە سەربەخۆیی و ئازادی و یەكگرتنەوەی نیشتیمانی گەلی كوردا.

ئەمە حەقیقەتێكی مێژوییە، بەڵگە تاریخییەكانی ناو ئارشیفەكانی دەوڵەتە زلەكانی ئەو سەردەمە و، ڕوداوەكانی ئەو زەمانە و، ڕەنج و خەبات و تێكۆشانی گەلانی كورد و عەرەب لەو قۆناغەدا، شاهیدی بۆ ئەدەن:- هەروەكو تێكچونی هاوسەنگی تەرازوی هێزەكان لە بەینی دەوڵەتە سەرمایەدارە ئیمپریالیستەكانی دنیادا، لە ئەنجامی بەهێز بون و گەشەكردنی هەندێكیان و لاواز بون و گەشە نەكردنی هەندێكی تریان دا، بو بە هۆی ئەوەی سەر لە نوێ بیر لە دابەشكردنەوەی دنیا بكەنەوە بە سەر خۆیان دا و، لە ئەنجامی ئەمەیش دا جەنگی جیهانی یەكەم هەڵگیرسا. هەروەها تێكچونی ئەو وەزعەی لە پێش جەنگی جیهانی یەكەم هەبو وە گۆڕانی بە بارێكی تردا لە پاش كۆتایی جەنگ، بە جۆرێك كە ئەڵەمانیا شكا و سەڵتەنەتی عوسمانی پارچە پارچە بو، شۆڕشی ئۆكتۆبەر بنچینەی ڕژێمی قەیسەری لە ڕوسیا هەڵتەكاند و، هەلومەرجێكی نوێ لەسەر ئاستی دنیا هاتە كایەوە، كە ئینگلیز و فەڕەنسا و ئەمەریكا وەكو ٣ دەوڵەتی زلی دنیا سەر لە نوێ دنیایان بەو جۆرە دابەش كرد كە لەگەڵ قازانجە ئابوری و سیاسی و ستراتیجیەكانی خۆیان ئەگونجا،بە تایبەتی لە مەسەلەی نەوت و بازاڕ و گەمارۆدانی دەوڵەتی تازە دامەزراوی سۆڤێتی دا، بۆیە لەسەر كەلاوەی عوسمانی، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، چەندین ماندات (انتداب) و دەوڵەتۆكەی بێ سیادە موستەعمەرەیان پێك هێنا، لەوانە: عیراق و سوریە و لوبنان و فەلەستین و ئوردون و عەرەبستانی سعودی و میرنشینەكانی خەلیج و ، نەیان هێشت گەلانی ناوچەكە بە ئامانجە نەتەوەییەكانی خۆیان بگەن، بەڵكو لە بەینی دەسەڵات و نفوزی ئینگلیز فەرەنسەدا دابەشیان كردن. لەوەش دا كورد، لە نەتەوەكانی ناوچەكە، نەك هەر بە ئامانجەكانی خۆی نەگەیشت، بەڵكو نەتەوە و نیشتیمانەكەیان بەوپەڕی بێویژدانیەوە دابەش كرد، بەشێكی خرایە سەر دەوڵەتی ئێستای عیراق و مەسەلەی كورد بو بە یەكێك لە مەسەلە گرنگ و ئاڵۆزەكان.

عیراق دەوڵەتێكە لەو هەلومەرجەدا بە پێی ویست و ئارەزوی ئینگلیز پێك هات و ، بەو جۆرەی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی سنوری بۆ دیاری كردوە و، بەو جۆرەی كە خۆی شێوەی ڕژێم و حوكمڕانی تیا دانا، تەنانەت فەیسەڵی كوڕی شەریف حسێن، كە خەڵكی حیجاز و لە سوریا دەركرابو، هێنا و بە (مەلیك)ی سەپاند بەسەر عیراق دا.

لە بەر ئەوەی ئیمپیریالیزمی ئینگلیزی لە دروست کردنی دەوڵەتی عیراق دا ئەوەندە بایەخی بە ئیرادە و ویستی دانیشتوانی ناوچەکە و، بە لێکدانەوەی ئیعتیباراتی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی نەداوە، ئەوەندەی بایەخی داوە بە مسۆگەر کردنی دەست کەوت و قازانجەکانی خۆی لە مەسەلەی پەترۆڵی گەرمەسێر و ئابوری و سیاسی و ستراتیجی دا.

دەسەڵاتی ناوەندی عیراق هەر لە زەمانی هاشمیەکانەوە ئیدیعای ئەوەیان کردوە: کە خەڵکی عیراق بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب و، ئەرزی عیراقیش پارچەیەکە لە نیشتیمانی عەرەب، لە کاتێك دا ئەمە واقیعی دیمۆگرافی دانیشتوانی ئێستای عیراق و، لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆجی شوێنەوارە کۆنەکانی سەر زەمینی عیراق و، مێژوی ڕوداوەکانی ناوچەکە و سەرژمێری ڕاست و دروستی دانیشتوان، ئەو ئیدیعایە نەك جارێك بەڵکو هەزار جار بە درۆ ئەخاتەوە، چونکە کورد لە عیراق دا سەرەڕای ساڵەهای ساڵی هەوڵی تواندنەوە و دەربەدەر کردن و دەرکردنی لە خاکی باوباپیرانی خۆی، هێشتا بەلایەنی کەمەوە (سێ – یەکی) دانیشتوانی پێك ئەهێنێ. وە لە ڕوی زەمانیشەوە، چەند هەزار ساڵ بەر لە هاتنی عەرەب لەگەڵ مەوجاتی سامی لە جەزیرەی عەرەبیەوە بەرەو عیراقی ئێستا، گەلی کورد لە نیشتیمانی ئێستای خۆی دا نیشتەجێ بوە. کەچی لەگەڵ هەمو ئەم ڕاستیانەدا کاربەدەستانی عیراق لە کۆنەوە وا ئیدیعا دەکەن کە هەمو عیراق بەشێکە لە نەتەوە و نیشتیمانی عەرەب، لە کاتێکدا کە ڕاستی ئەوەیە بەشێکی خەڵکی عیراق بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب و بەشێکی وڵاتی عیراق بەشێکە لە عەربستان و، بەشێکی خەڵکی عیراق بەشێکن لە نەتەوەی کورد و، خەڵکی عیراق و وڵاتی عیراق پێك هاتون لە پێکەوە لکاندنی بەشێکی نیشتیمانی کورد و بەشێکی نیشتیمانی عەرەب.

جا ئەگەر مەسەلەی بەکارهێنانی مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنوس و یەکگرتنەوەی نەتەوەی عەرەب، وەك پرنسیپ (واتە مبدا)، لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی یەکگرتوی خۆی دا، مافێکی ڕەوای نەتەوەی عەرەب بێ، ئەوا بێگومان مەسەلەی بەکارهێنانی مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنوس و یەکگرتنەوەی نەتەوەی کوردیش، وەکو پرنسیپ، لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی یەکگرتوی خۆی دا مافێکی ڕەوای نەتەوەی کوردە. هیچ کەس و تاقم و لایەنێك بۆ نیە ئەو مافە بۆ هەندێ نەتەوە حەڵاڵ و بۆ هەندێکی تر حەرام بکا.

شەریکایەتی کورد و عەرەب لە عیراق دا ئەگەر چی لەسەردەمی پاشایەتی دا لە دروشمی عیراق دا ئیشارەتی بۆ کرابوو، لە دواییتردا لە شۆڕشی ١٤ی تەموزدا هەم لە دەستوری موەقەت دا شەریکایەتی کورد و عەرەب لە عیراق دا و، هەم لە دروشمی کۆماری عیراق دا بە ئاشکرا دەرخرا بو، وە لە بەندێکی دەسکاری کراوی ١٩٧٠ی دەستوری موەقەتی عیراقیش دا، لەوانە ڕونتر ئاشکرا تر دان نراوە بەوەدا کە : گەلی عیراق پێکدێ لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب. کەچی ئەمانە هەموی نوسینی سەر کاغەز بون و، هەرگیز لە کردەوەی ڕۆژانەی کاروباری دەوڵەتی عیراق دا ڕەنگیان نەداوەتەوە، هەمو عیراقیەکی خاوەن ویژدان ئەزانێ کە هەرگیز هاووڵاتیەکی کورد ئەوەندەی هاووڵاتیەکی عەرەب مافی هاوڵاتێتی عیراقی نەبوە و، نەیتوانیوە بەکاری بهێنێ، ئەگەر لە پلە هەرەبەرزەکانی کاری دەوڵەتی یش دا بوبێ، بگرە زۆر جار هاووڵاتی کورد مافەکانی پێشێل کراوە، بە چاوی سوك سەیری کراوە، گومان لە دڵسۆزی کراوە، هەمیشە ڕێگەی لێگیراوە شوێنی ئاسایی خۆی بگرێ، تەنانەت ئەگەر خۆی و شەرەفی خۆیشی بە کاربەدەستانی ڕۆژ فرۆشت بێ.

دیارە ناوچەکانی گەرمەسێریش پشکی شێریان بەرکەوتوە لەم ستەم و نابەرامبەریەدا، گوانی تێدا نیە لە ژێر سایەی هەلومەرجێکی ئاوەها نالەبار و نابەرامبەردا خەڵکی قارەمانی گەرمەسێر لەسەر هەقی بەجواب دێ، داوای مافەکانی خۆی ئەکات، هەرکاتێکیش هیچ ڕێگەیەکی هێمنانەیان بۆ نەهێشتبێتەوە، بە ناچاری پەنای بردۆتە بەر زەبر و زەنگ و شۆڕش. ئەوەش مافێکی سروشتی و سەرەتایی هەمو نەتەوە و گەل و تاقم و دەستەیەکی زوڵم لێکراوە لە

سەرتاسەری دنیادا. هەر ئەم زوڵمەش بوە پاڵی بە گەلی کوردەوە ناوە ڕا پەڕێ و شۆڕش بەرپا بکا. هەر ئەمەش بوە پاڵی پێوە ناوە، لەوەتی دەوڵەتی عیراق دامەزراوە، لە حاڵی ڕوبەڕوبونەوە دابێ لەگەڵ دەوڵەتی عیراق دا. ئەوانەی ئەیانەوێ مەسەلەکە بە جۆرێکی تر لێك بدەنەوە. دیارە قازا نجیان لەوەدایە و، خۆیان دور ئەخەنەوە لە لێکدانەوەی عیلمی ڕوداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی ... ژیانی میللەتی عیراق.

## تەوەری سێیەم: دەسەڵاتی ناوەند و ڕاگواستنی ناوچەکانی گەرمەسێر

بە درێژایی مێژوو حوکمەتی ناوەندی عیراق کەوتونەتە (ترحيل) واتە ڕاگوێزانی زۆرەملێی خەڵکی کوردستان، بە زۆر لە جێگە و شوێنی باووبا پیرانیان دەریان ئەکەن و بەم لاو ئەولا بە هەندەران دا پەرش و بلاو و ئاوارەیان ئەکەن.

سەردەمێ دەیان هەزار کوردی فەیلی، بەو بیاوە لە سەرانسەری عیراق دەرکران، گوایە ڕیشە و ئەسلً و فەسلیان عیراقی نیە و مەترسی لەسەر ئەمنی عیراق دروست ئەکەن. دەمێکی تر جوتیارانی گەرمەسێر و کرێکاران و خەڵکی ناو شاری کەرکوك و ناوچە نەوتاویەکانی تر ڕاگوێزران و دەرکران گوایە ئەبێ حوکومەت ئەمنی شاری خانەقین و کەرکوك و ناوچە نەوتاویەکانی بپارێزێ.

پاشان کەوتنە ڕاگوێزانی هەمو درێژایی شریتی سنوری کورد نشین، بە قوڵایی ١٠-٢٠ کیلۆمەتر بە بیانوی پاراستنی ئەمنی عیراق لە تەماع و دەست درێژی بێگانە.

سەرئە نجامی ئەو سیاسەتی ڕاگوێزانە زیاتر لە یەك ملیۆن مرۆڤی کورد بەر ئەم هێرشی ڕاگوێزان و دەر بە دەر کردنە کەوتون، زیاتر لە یەك ملیۆن مرۆڤی کورد ئاوارە و سەر لێ شێواو بون، وڵاتیش لە خزمەت و بەهرە و ڕەنج و ماندوبونیان مەحروم بو.

دەسەڵاتی ناوەند پتر لە ١٣٠ هەزار کوردی فەیلی لە بەغداد و شارەکانی کوردستان دەربەدەری ئێران و وولاتانی تر کراون.. لەوانە دەیان هەزاریان خۆیان و باوك و باپیریان عیراقین و بەشێکی زۆریان (جنسيه) ی عیراقیيان هەیە، دەیان هەزاریشیان منداڵ و ساوان یا گەنج و تازە هەڵچون و لە قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی و کۆلێج و پەیمانگاکان ئەیانخوێند، کە هەم خۆیان و هەم باوکیان لە عیراق لەدایك بون. ئەمانە هەمو ماڵ و سامان و خانوبەرەیان زەوت کراوە تەنانەت لە هەندێ جاردا منداڵی ساواشیان بەجێ ماو دەرفەتیان نەدرا خۆیان کۆبکەنەوە. لە ساڵی ١٩٦٣دا ٢١ گوندیان لە دبس ڕاگوێزا و زیاتر لە ١٥٠٠ خێزانی جوتیاریان دەربەدەر کرد.

لە ساڵی ١٩٧٢ دا دەسەڵاتی ناوەند کەوتە یارمەتیدان و هاندانی چەند دەرەبەگێکی عەرەب بۆ ئەوەی لە دەروبەری کەرکوك و گەرمەسێر زەوی و زاری جوتیار و موڵکدارانی کورد بکڕن.. لە هەمان کات دا کەوتە هاندانی دەرەبەگە کوردەکانی ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی زەوی و زاریان بەو عەرەبانە بفرۆشن. لە ئەنام دا سەدان خێزانی کورد لە ناوچەی داودە و کاکەیی ناوچەکانی گەرمەسێر دەربەدەر کران و عەرەب نشین کران لەوانە گوندی (حەشیشە و دلسی گەورە، دلسی بچوك، ڕەبماوا، کومبز، گرد رابیعە، سیکانی، کراکرە، کریمییە، سەی محەمەد، عەتشایە، تەل مەغار، ئەرغوون و پە نجا عەلی و هەفت تەغار) و سەرجەم ناوچە کورد نشینەکانی گەرمەسێر لە خانەقین و مەندەلی و بەدرە. لەتەك ئەوەدا کەوتنە ڕاگوێزانی سەدان خێزانی کورد لە ناوچەکانی شەنگار و شێخان و زمار و سمێل و تەلەعفەر و عەین زالە و خانەقین و پاشان ناوچەکانیان تەعریب کردن.

هەروەها لە ساڵی ١٩٦٣ بە دواوە، کەوتنە ڕوخاندنی هەزاران خانوی کورد لە ناو شاری کەرکوك و گەرمەسێردا لە گەڕەکی شوریجە و ئازادی و گەڕەکەکانی خانەقین و مەندەلی دا و دەربەدەر کردنی خێزانەکانی، تەنانەت لە ساڵی

١٩٧٧ دا كەوتنە ڕاكێشانی جادەی شەست مەتری و ئیستیملاك كردنی خانوی خێزانە كوردەكانی شوریجە، ڕێگەیان نەدا لە شاری كەركوك دا زەوی بكڕنەوە و جارێكی تر خانوی تیّ دا بكەنەوە تا دەربەدەری شارەكانی تریان كردن.

لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواشەوە كەوتنە ڕاگوێزانی ناوچەكانی سنور، سنوری عیراق- سوریا، عیراق-توركیا، عیراق-ئیران و زیاتر لە ١٥٠٠ گوندیان ڕاگوێزا و زیاتر لە ٧٥٠ هەزار مرۆڤی كوردیان لە زەوی باوبا پیرانیان هەڵكەند و خزانیانە ئۆردوگا زۆرەملیەكانەوە.

دیارە ئەم هەمو ڕاگوێزان و ئازاردانە، ئەم هەمو خۆ ماندو كردن و پارە و پول خەرجكردنەی دەسەڵاتی ناوەند .. ئەم هەمو هێزی كار و خێر و سامان لە كیس چونە هەروا بە خۆڕایی نەكراوە، یا لەبەر خاتری پێشخستنی كۆمەڵی كوردەواری نەبوە.

بەڵكو ئەوە هەمو بە گوێرەی نەخشە و پلان ئەنجام دراوە، مەبەستی سەرەكیش تێكدانی وەزعی دیموگرافی عیراق و داڕشتنی ئەو وەزعەیە بە گوێرەی بیر و بۆچونی كار بەدەستان، كە بێگومان لە گیانی شوفێنییەوە هەڵ ئەقوڵیّ.

ڕاگوێزانی زۆرە ملیی كورد، لە پایتەخت و لە كەركوك و گەرمەسێر و ناوچە نەوتاوییەكانی تریش، لە ناوچەكانی سنور لەتەك شاڵاوی تەعریب و تەبعیس دا هەموی لەسەر بناغەی یەك بیركردنەوە دامەزراوە، كە حكومەتە یەك لەدوا یەكەكانی عیراق هەمویان لە سەری پێك هاتون ئەویش گوایا پاراستنی ئەمنی ستراتیجی عیرقە،

ئینجا چونكە هەرلەوكاتەوە نەخشەی (ئەمنی ستراتێژی) حكومەتی ناوەندی عیراق لەسەر ئاستێكی شۆڤێنی دامەزراوە ڕووی كردۆتە سیّ مەسەلە:

١. تێك دانی نیسبەتی كورد و عەرەب لە عیراق دا.

٢. دوور خستنەوەی خەتەری كورد لەسەر پاشەڕۆژی عیراق.

٣. تێكدانی قوڵایی ستراتیجی جوڵانەوەی كورد.

دەركردنی پتر لە ١٣٠ هەزار كوردی فەیلی و هەڵاتنی چەندین هەزار كوردی تر بۆ هەندەران لە ترسی لە ترسی زەبروزەنگ بۆ كەم كردنەوەی نیسبەتی كوردە بەرامبەر نیسبەتی عەرەب لە عیراق دا. بۆ ئەوەی هەمیشە عەرەب نەتەوەی گەورە بیّ و هەرگیز نیسبەتی كورد لە هی عەرەب نزیك نەبێتەوە و تەئسیر لەسەر وەزعی سیاسی، فەرهەنگی عیراق نەكا، ئەبیّ نیسبەتی كورد كەم بكەنەوە.

ڕاگوێزانی زیاتر لە ٧٥٠ هەزار كورد لە ناوچەكانی سنور و دەیان هەزار خێزانی كورد لە كەركوك و ناوچە نەوتاویەكان و عەرەب نشین كردنی ئەو ناوچانە لەبەر ئەوەیە كە حكومەتی مەركەزی لە عیراقدا بڕواو متمانەی بە كورد نیە، وا تەماشای كوردی كردوە كە گوایا خائین و نیشتمانفرۆش و دژی ئەمن و سەربەخۆیی و پاشەڕۆژی كار ئەكەن، پیاوی بێگانەن و هەمیشە دەست لەگەڵ دوژمنانی عیراقدا تێكەڵاو ئەكەن، لە ناوچە سنورەكانەوە ئەبن بە بنكە و پرد بۆ هاتنی نفوزی بێگانە و لە كەركوك و ناوچە نەوتاویەكانی تریشدا مەترسی لەسەر دامەزراوە نەوتیەكان و ئابوری عیراق دروست ئەكەن ... بۆیە ئەبیّ حكومەت ڕایانگوێزیّ و ناوچەكانی سنور بەچۆڵی بهێڵێتەوە و ناوچە نەوتاویەكانیش لەباتی كورد بەعەرەب بپارێزیّ.

لە ڕاگوێزانی ١٠ تا ٢٠ كیلومەتر مەبەستێكی تریش هەیە، كە ئەوەش تێكدانی قوڵایی ستراتیجی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵكی كوردستانە تا بۆ شاییەك لە بەینی كوردی عیراق و كوردی ئێران و توركیا و سوریەدا دروست ببیّ و كوردی عیراق نەتوانیّ بۆ گەشە كردن و بۆ پێشەوە چونی جوڵانەوەكەیان قوڵاییەكی نەتەوەییان هەبیّ، ئەوەندەی لە

تواناشدا بێ لەوانی پارچەكانی تری كوردستان دابڕێ و هەستی ئینتیمای بۆ نەتەوەی كورد لاواز بكا یا نەیهێڵێ تا حكومەتی مەركەزی عیراق بە ئارەزوی خۆی و بەو جۆرەی ئەیەوێ كورد لە قالب بدا.

بێگومان لەباتی ئەوەی حكومەتی مەركەزی بەچاوی گومان تەماشای كورد بكا و لەئەنجامدا ببێ بە هاولاتی دەرەجە دوو یا سێ و لە هەمو مافێكی مرۆیی و نەتەوەیی بێ بەری بكرێ، لەباتی ئەو هەمو پارەو خەرجە لە ڕاگوێزان و دەربەدەر كردنی كوردا سەرف بكرێ...لەباتی ئەوەی ناوچەكانی چۆڵ بكرێ یا بە عەرەب بكرێ ... لە باتی ئەوانە هەمو ئەگەر مافە ڕەواكانی خۆی پێ بدرێ، زەبروزەنگ و چەوسانەوەی لەسەر لابرێ، وەكو عەرەب یا بلێین عەرەبی بەعسی تەماشا بكرێ و هاووڵاتی ئاسایی عیراق بێ. ئەو هەمو پارە و خەرجەش لە ئاوەدان كردنەوەی ناوچەكانی و گوزەران و ژیانیدا سەرف بكرێ لە سەر ئەرزی خۆی و باوبا پیرانی بمێنێتەوە و چەكدار بكرێ، دیارە شورەیەكی پۆڵایین دروست ئەكا بۆ پارێزگاری نیشتیمانەكەی ... ئەوسا داگیركەری عیراق مەگەر بە سەر لاشەكەیدا هەنگاو بنێئەگینا بە دڵ و گیان بەری پێ ئەگرێ.

لە بری ئەوەی جوتیاری كورد لە ناوچە نەوتاوییەكانی گەرمەسێر دەربكرێ و عەرەب كێش بكەن، لە جێگەی نیشتەجێی بكەن، ئەگەر مافە ڕەواكانی گەلەكەی بسەلمێنن و ئەگەر ئەو پارە و خەرجی لە ڕاگوێزانیدا سەرفی ئەكەن لە گوزەران و خۆش كردنی ژیانیدا سەرف بكەن، چ پێویست بە ڕگوێزانی ئەكا، چ پێویست بەوە ئەكا بە چاوی گومان تەماشا بكرێ ... بێگومان ئەو كاتە هەر وەك ئەرزەكەی خۆی پارێزگاری لە بیرە نەوتەكان ئەكا.

دیارە ڕێگەی سەلماندنی مافی كورد و بە یەكسان تەماشا كردنی ڕێگەیەكی ئاسانتر و مسۆگەرترە ، ڕێگەی جێبەجێ كردنی ئەمنی ستراتیجی پاراستنی یەكێتی و پاشەڕۆژی عیراقە نەك ڕێگەی ڕاگوێزانی كورد و بە غەریب تەماشا كردنی ... چونكە ڕاگوێزان و ئازاردان و تەعریب و تەبعیس كردنی ڕێگەیەكی سەخت و پڕ لە هەڵدێرە، ڕێگەی لێك هەڵوەشانەوەی عیراقە نەك پاراستنی یەكێتی عیراق و گەلی عیراق، هەر بەم ڕێگەیەش ئەمنی ستراتیجی عیراق ئەكەویتە مەترسیەوە.

## باسی دووەم :

## نەوت .. كێشەی كەركوك و گەرمەسێر ( پرسی نەوت )

بەشەكانی پێشوو لێكدانەوەی جۆراوجۆری كێشەی موسڵیان خستەڕوو. ئەگەر تەماشای دواوە بكەین خۆمان لەبارێكی باشتر دەبینین بۆ هەڵسەنگاندنی مەسەلەكە ، نوسەری ئەم دێڕانە وای بۆ دەچێ كەنەوت گرنگترین هۆكاری ڕەوتی ڕووداوەكانە . موسڵیش بۆ عێراق مەسەلەی ژیان یان مردن بوو ، بەلام نەوت لەدوا لێكدانەوەدا هەڵوێستی توركیاو ویلایەتە یەكگرتووەكان و فەرەنسای لەسەر لە كێشەكە دیاری كرد . تویژەر پێی وایە بەریتانیای مەزن لە پێناوی موسڵدا شەڕی نەكرد لەگەڵ توركیا چونكە چارەسەری ئاشتی یانە خەرجی كەمترەو دەیویست سەرئەنجام عێراق نەوتەكەی بداتێ . لەلایەكی دیكەوە بۆ ئەوە هەوڵی دا توركیا ئاشت بكاتەوە تا لەڕووسیای سۆڤێتی دوور بخاتەوە . هەروا تویژەر پێی وایە بەریتانیا پێشنیارەكەی توركیای ڕەت كردەوە بەوەی ئیمتیازی نەوتی بداتێ چونكە عێراق لەژێر ئینتیدابدا بوو و ئاسانتر بوو سەودای لەگەڵ بكات و ، بەریتانیاش تەنها بایەخی بەبەرژەوەندی خۆی دەدا ، بەلام قەزاو قەدەر بەرژەوەندی ئەوی لەگەڵ بەرژەوەندی عێراقدا گونجاندبوو. بەریتانیا هەمیشە ئەوی ڕەت دەكردەوە كە دان بنێ بەوەی نەوت پەیوەندی بەكێشەی موسڵەوە هەیەو ، هۆی ئەمەش بەڕای نووسەر ، هەوڵ دانبوو بۆ خۆ ڕزگار

کردن لە تەنگ پێ هەڵچنینی ولایەتە یەکگرتووەکان . ئەمەو چیرۆکی نەوت، وەکو لەم دێڕانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت ، لەخودی کێشەی موسڵ کۆنترە (١)

## تەوەری یەکەم :

## کۆنگرەی لۆزان و نەوتی کەرکوك و گەرمەسێر

لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٢٢ دا (بۆناریۆ)ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ڕایگەیاند کەبەریتانیەکان ئینتیدابیان لە عێراقدا لە پێناوی نەوتەکەی ناوێ، گوتی گوایە سیستەمی فەرمانڕەوایی بەریتانیا ڕێگا بە حکومەت نادا قازانج بۆ خۆی لە ناوچەکانی ژێر ئینتدابدا وە دەست بێنێ (٢) ، لە ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٢٣ شدا کە کۆنگرەی لۆزان لە کێشەی موصڵ دەکۆڵیەوە لۆرد کرزن کە ئاماژەی بۆ مەسەلەی نەوت کرد ، ڕایگەیاند کە گوتراوە هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا لە بەدەستەوە نەدانی موسڵ لە ژێر کارتێکردنی مەسەلەی نەوتدایە و ئەوەی ڕەت کردەوە کە نەوت پەیوەندیی بەم مەسەلەیەوە هەبێت و گوتی : کە کۆنگرەی لۆزان دەبەسترا سێ کەس لە ئەندامانی وەفدی تورکیا نێردرانە لەندەن بۆ ئەوەی پێشنیاری ئیمتیازی نەوت لە موسڵدا کە تورك نشین نەبوون بخەنە بەردەستی هێندێ لە داخوازیانی کاری نەوت لەبەریتانی یەکان ، بەلام کەزانیان هیچ کارێکی ڕاستەقینەیان بێ ئاگاداری ئەو پێ ناکرێ ، بە پەلە گەڕانەوە ،( ٣ ) لە لایەکی دیکەوە هەوڵی دا ڕای گشتی جیهان دژی بەریتانیا بوروژێنێ و ، لە کۆنگرەی لۆزاندا ڕایگەیاند بۆچی تورکیا لەبابەتی نەوتدا پێشتر و ئێستا و هەمیشەیی ئەوەیە کە جیهان ، پاش گەڕانەوەی موسڵ بۆ تورکیا ، لە نەوتەکەی بێ بەش نەبن و ، بەزمانی بەرتیل دان گوتی :

---

(١) سەبارەت بەگرنگیی نەوت لەسیاسەتی جیهاندا بڕوانە :

THE Oil Trusts and Auglo- American Relations ( New York, 1924) : Louis Fischer , Oil imperialism ( New York, 1926) Anton Mohr, The Oil War ( New York , 1926): Lud Well Denny We Fight for oil ( New York, 1935) : Parker T. Moon, imperialism and World polities (New York, 1939)

(2)Quoted inDavenport and cooke,op .cit . 150.

(3) Cmd. 1814 .p, 360.

هەروەها بڕوانە نوسراوی کرزن بۆ تایمس / ٣١ی تەموزی ١٩٢٤ بەم مانایە : عیسمەت پاشا ڕایگەیاند کە هەموو نێراوە تورکەکە ( نەك سێ کەس) چوون بۆ لەندەن بۆ دڵنیا بوون لە شوێن و پایەی داریی هێندێ لە تاقمانەی داخوازی ئیمتیاز لە نەوتی موسڵدا دەکەن .

توركیا بەڵێنی داوە هەموو كار ئاسانی یەكی لەبار بخاتە بەردەست بۆ ئەوەی جیهان لە ڕێگەیەكی ڕەواوە لەم نەوتە قازانج بكەن .[1] كە ( جۆزیف گرو ) ی سەرۆكی وەفدی چاودێرانی ئەمریكا لە دووەمین كۆنگرەی لۆزاندا هەستی كرد بەوەی ولایەتە یەكگرتووەكان ناتوانێ شان لە شانی دیبلۆماسی بەریتانیا و فەڕەنسا لە مەسەلەی نەوت بدات ، سەرۆكی وەفدی فەڕەنسای ئاگاداری كردەوە كە حكومەتی ئەوروپا پشتگیری لە داخوازی یانەی هاولاتیانی ئەمریكا لە ئیمتیازی توركی ناكات كەڕەنگە ئەو مافانە پوچەڵ بكاتەوە كە پێشتر هاولاتیانی ولاتیانی دیكە وەریان گرتووە [2] .كە ( هیووز )ی وەزیری دەرەوەی ئەمریكاش لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامە نوسیدا باسی پەیوەندیەكانی دەرەوەی ئەمریكای كرد، بەشێوەكی ڕوونتر ئاماژەی بۆ هەمان بیرۆكە كردو گوتی حكومەتی ئەمریكا بەشداری لە وەدەستهێنانی چەستەریدا نەكردو ئاڵوگۆڕی بەهیچ مافێك لە مافەكانی خۆی نەكرد بۆ وەدەستهێنانی ئەم یان هەر ئیمتیازە یان هەر ئیمتیازێكی دیكە، ئەوەشی دوپاتكردەوە كە هەڵوێستی ئەمریكا پشتگیری كردنی سیاسەتی (دەرگای كراوە) و مامەڵەی ڕەوای هاولاتیانلا ئەمریكایە [3] .

**تەوەری دووەم :**

**كەركوك جێ ململانێ ی نێوان حكومەتی فەیسەڵ و شێخ محمود .**

یەكێك لەهۆكارە سەرەكیەكانی كێشەكە – لە هەوەڵەوە – مەسەلەی كەركوك بوو . شێخ مەحمود لە هەندێ گفتوگۆیاندا كەبەر لەگەڕانەوەی بۆ سلێمانی لە ناوەڕستی ئەیلولی ١٩٢٢دا لە بەغداد لەگەڵ سێر پرسی كوكسدا كردبووی ، بەڵێنی دابوو كە خۆی لە ئیدارە و بەڕێوبەرانی ناچەكانی كەركوك و هەولیر هەڵنەقورتێنێ ، كەركوك لەم سەر و لەوسەر بەندەدا ، بارودۆخێكی تایبەتی هەبوو : بەڕواڵەت سەر بەعێراق نەبوو : زمانی ڕەوسمی نێوان بەغدا و كەركوك زمانی توركی بوو ، قانونی عوسمانی وەك و جاری جاران لەگەڕدا بوو ، شارەوانی سەربەخۆیی تەواوی هەبوو ، ئالای عێراق بەسەر دەرگای قەلای شارەوە نەبوو .

پارێزگارێكی تورك بەهاوكارێكی ئینگلزی كەركوكی بەڕێوە دەبرد ، وێڕای هەر هەموو ئەمانە بەڕای یەكێك لە كارگوزەرانی ئینگلزی ئەو زەمانە ، كەركوك (( لە ڕستیدا بەجۆرێك بەڕێوە دەبرا وەك بلێ ی بەشێك بوو لە عێراق . هەڵبەتە بە زەبری گۆشكاری فەسەڵ ئەم وابەستەیەی كەركوك بە عێراقەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بوو و كارگێڕانی ئینگلزی دەستوریان وەرگرت كە خانەدان و پیاو ماقولانی كەركوك ناچار بكەن كە ڕازی بن ئەم ناوچەیە بەشداری ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی ئە نجومەن بكەن ( بڕوانە فەرمانی بەرواری ٢٣ /١٠ / ١٩٢٢ ی مەلیك فەیسەڵ )

شێخ محمود بە ئاشكرا دژی ئەم ڕەوتە كاری دەكرد :بەلای ئەوەوە كەكوك ناوچەیەكی كورد نشین بوو ، هەرچەندە دانیشتوانی شاری تركمان بو .( كورد و تركمان بوون و كوردیش زۆرینە بوون نەك تركمان )... شێخ محمود لە مانگی ١٢/ ١٩٢٢دا دوو كەركوكلی زادەی كرد بە یاریدەدەری خۆی تا بەوە بیسەلمێنێت كەركوك بەبەشێك لە قەڵە مڕەوەكەی خۆی دەزانێ = واتە لە كۆتایی هەمان ساڵدا ڕۆژی كوردستان ، هەواڵی سەردانی سەرۆك عەشرەتیان بۆ سلێمانی بلاوكردەوە

(1) Cmd. 1814 .p,397.
(2) The new york Times , janury 24 , 1924.
(3) The new york Times , janury 24 , 1924.

**تەوەری سێ یەم :**

**كوردستانی بوونی كەركوك لە بەڵگەنامە عەرەبی و بیانی یەكاندا .**

لە كۆتایی سەدەی ڕابردووەوە لە كەركوك نەوت دۆزراوەتەوە ، بەڵام دەهێنانی دواكەوتوە بۆ دوا ساڵەكانی ١٩٢٠، لە سەردەمی عوسمانی دا ماوەی چەند سەدەیەك ناوەندی ولایەتی موسڵ لە ڕێككەوتنە نهێنیەكانی سایكس – پیكۆ دا بەر فەرەنسا كەوت بو ، دوای تەواوبوونی شەڕ ، سەرۆكوەزیرانی بەریتانیا ، لوید جۆرج فێڵی لە سەرۆكوەزیرانی فەرەنسا ، كلیمانسۆ ، كرد. ولایەتەكانی شام موسڵیان گۆڕییەوە ، موسڵ درا بە بەریتانیا ، بەریتانیا ئەم فێڵەی لە فەرەنسا كرد چونكە ئەیزانی نەوتی تێدایە ، فەرەنسا كاتێ بەوەی زانی ، سەوداكە كرا بو ، یەكێ لە هۆ گرنگەكانی دروستكردنی دەوڵەتی عێراق و ، نوساندنی ولایەتی موسڵ بە عێراقەوە نەوتی كەركوك بوو.

كەركوك بەدرێژایی مێژوو ناوچەیەكی كوردنشین بوە ، بەڵا بۆ پاراستنی ئەو شارێیەی لە دیاربەكرەوە چوە بۆ كرماشان ، لەسەردەمی قەرە قۆینلو و ئاق قۆینلوەوە و ، دواتر لەسەردەمی عوسمانی بە درێژایی ڕێگاكە توركمانیان تێدا نیشتە جێ كردووە ، هەر لەبەر ئەوەی خەتێكی باریكی ئیتنی جیاواز لە كورد و عەرەب ، لە ناوچەكانی تەلعەفەرەوە لە سنوری سوریا بەلای ڕۆژهەلاتی موسڵ و ، خوارووی هەولێر ، كەركوك دا بەرەو توزخورماتوو ، كفری ، قەرە تەپە ، تا خانەقین لەسەر سنوری ئێران درێژ دەبێتەوە .

ئەم خەنە ئیتنیە بە درێژی زەمان جیگیر بوون ، لەكاتی لە شكركێشەكانی صەفەویشدا بەهێزتر كراون ،دەوڵەتی عوسمانیش دوای ئەوەی بەیەكجاری دەستی بەسەر ناوچەكەدا گرت ، بەناردنی موچەخۆری تورك پشتیوانی كردون ، لەگەڵ ئەمەشدا توركما هەمیشە كەمایەتی بچوك بوون ، لەناو دەریایەكی گەورەی ئیلاتی كوردا.

عەرەب وەكو زۆرایەتی یاكەمایەتی نەتەوەیی لەكەكوك نەبون ، هەندێ موچەخۆری تێدا بووە ،بەڵام قورسی دیمۆگرافیان نەبووە ، تادەوڵەتی عێراق دامەزرا ، ئەوسا ئیتر ژمارەی موچەخۆری عەرەب و ، دواتر عەشائیری عەرەب ،ڕوی لە زیادبوون كرد،لەم ڕووە لێرەدا دوو بەڵگە لەبارەی دابەشبوونی ئیتنی دانیشتوانی ناوچەكەو ، دەربارەی خاوەنێتی زەوی و زاری كەركوك بە نمونە ئەهێنمەوە ، كەهیچیان كورد نەیكردون ، دەستی لە نوسینیان دانەبووە .

یەكەمیان بەڵگەی بەریتانیایە ،كۆرنوالیس موستەشاری وەزارەتی ناوخۆ ساڵی ٩٣٠ ئامادەی كردووە و مەندوبی سامی لە بەغداد ناردویەتی بۆ وەزارەتی كاروباری دەرەوەی حكومەتەكەی .

دووەمیان هەڵسەنگاندنی عەرەبێكی ئەمریكاییە ،نوسەری ئەمریكای بە ڕێچەڵەك مەسیحی فەلەستینی ( حنا بتاتو ) دەربارەی خاوەنێتی ئەرز لە عێراقی سەردەمی پاشایەتی دا لیستێكی ڕێكخستووە لەو لیستەدا زەویوزاری كەركوك بە تاپۆ مۆڵكی چەند بنەماڵەیەكی ناسراوی كورد لەوانە : بەگزادەكانی جاف ، بابان ، ساداتی كاكەیی ، شێخانی تاڵەبانی ، سەیید ئەحمەدی خانەقابوو، هیچ بنەماڵەیەكی توركمان یان عەرەب خاوەن موڵكی گەورە نەبوون لە كەركوك

دەرەنجام :

١- ڕێگەی سەلماندنی مافەکانی کورد و بەیەکسان تەماشاکردنی ڕێگەیەکی ئاسانتر و مسۆگەرتربوو، هەر ئەوەش مایەی پاراستنی یەکێتی پاشەڕۆژی عێراق بوو نەك ڕێگەی ڕاگواستنی کورد و بەغەریب تەماشاکردنی، چونکە ڕاگواستن و ئازاردان و تەعریب و تەبعیس کردنی ڕێگایەکی سەخت و پڕ هەڵدێرە، ڕێگەی هەڵوەشانەوەی عێراقە نەك پاراستنی عێراق و یەکێتی گەلی عێراق، هەر بەم ڕێگە مەترسیدارەش ئەمنی ئیستراتیجی عێراق دەکەوێتە مەترسی یەوە.

٢- ڕاگواستنی زۆرەملێ ی کورد لە گەرمەسێر و کەرکوك و ناوچەکانی سنوور لەگەڵ شاڵاوی تەعریب و تەبعیس دا هەمووی لەسەر بناغەی یەك بیرکردنەوە دامەزراوە کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەموویان لەسەری پێکهاتوون ئەویش گوایە پاراستنی ئەمنی ئیستراتیجی عێراقە.

٣- ئەمنی ئیستراتیجی حکومەتی ناوەندی عێراقیش لەسەر ئاستێکی شۆڤینی دامەزراوە جەخت لەمانە دەکاتەوە:-

أ- تێکدانی ڕێژەی کورد و عەرەب هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە.

ب- دوورخستنەوەی مەترسی کورد لەسەر پاشەڕۆژی عێراق.

ج- تێکدانی قوڵایی ستراتیجی جوڵانەوەی کورد.

٤- کاربەدەستانی دەسەڵاتی ناوەند لە عێراق هەر لە سەردەمی بنەماڵەی هاشمی یەوە هەتا ئێستا مەسەلەی کوردیان بەناهەق و ناڕەوا بەیەکێك لە گرنگترین ئەو مەترسی یانە لەقەڵەم داوە کە هەڕەشە لە عێراق و نەتەوە و نیشتمانی عەرەب دەکات.

٥- هەر لەبەر ئەم خاڵانەی سەرەوە کە ئاماژەمان پێکرد ناوچەی گەرمەسێر و گەرمیان شۆڕش و ڕاپەڕین بەسەختی تیایدا تەشەنەی کردووە بۆ نموونە لە هەندێك وێستگەی ئەو شۆڕشانەدا توانیویانە شاری (قزرابات - السعدیە) و دەوروپشتی ئازاد بکەن، پاشان کڵپەی شۆڕش و ڕاپەڕین خانەقین و مەندەلیشی گرتۆتەوە و هۆزە کوردەکانی ئەوێ هێرشیان کردۆتە سەر کۆمپانیای نەوتی بەریتانی - ئێرانی لە (نەفتخانە) هەروەها هێڵی شەمەندەفەری نێوان (خانەقین و بەغدا) (خانەقین و کەرکوك) یان تێکدا، بۆ ئەوەی یارمەتی سەربازی نەگاتە دەستی ئینگلیزەکان یەکێکی تر لە دەرەنجامەکانی ئەو غەدر لێکردن و ستەمە بەرامبەر بە ناوچەی گەرمەسێر و گەرمیان شۆڕشەکەی (برایم خانی دەلۆ) بوو لە کفری کە تاکە ئاواتی برایم خان سەربەخۆیی کوردستان و ڕزگاربوونی لە دەسەڵاتی بێگانە و ناحەزان بوو.

## سەرچاوەکان

## سەرچاوە كوردیەكان


- محەمەد شاكەلی ، گەرمیان ڕابردووی نزیك و ئاینده ، سلێمانی ، چاپخانەی كارۆ ، ساڵی ٢٠٠٣ ، ل ٣٨-٤٠
- عومەر عەلی شەریف ، لەیادنامەی كەركوك و گەرمیانەوە ، لەبڵاوكراوەكانی لقی كەركوكی یەكێتی نووسەرانی كورد ، كەركوك ، چاپخانەی ئارا بخا ، چاپی یەكەم ، ساڵی ٢٠٠٦ .
- د. فاضل حسين ، كێشەی ویلایەتی موسڵ ، وەرگێڕان محەمەد شاكەلی ، لەچاپی ساڵی (١٩٥٥) ی چاپخانەی (الرابگە )ی بەغداد وەرگێڕاوە، چاپی یەكەم- سلێمانی ١٩٩٩
- خولانەوە لەناو بازنەدا ،نەوشیروان مستەفا ، چاپی دووەم ، ١٩٩٩ ، چاپ و بڵاوبڵاوكردنەوەی : مەڵبەندی ئاوەدان ناونیشان .
Awadani nehringstr 14059 Berlin
- نەجم سەنگاوی ، كورد و سەركردەی ڕاپەڕین و شۆڕشەكان ١١٦٩ -١٩٩٥ ز ، چاپی یەكەم ،سلێمانی ، ساڵی چاپ ٢٠١٢ .
- لێكۆڵینەوەیەكی تایبەت لەبارەی مەسیحیەكان ویلایەتی موسڵ لە كتێبی ((charies)) ((London 1995)) Harry luke.Mosul and Its Minorities


## سەرچاوە ئینگلیزیەكان


- L.M Fanning , oil in the word war (new York 1922)
- F. oelaise , oil .its influence on polities (London ,1922)
- The New York Time April 24/1926 Foreign policy Association information service 11,p.77.
-The Times , March ,18 , 1925
- Edward Mead Earie The ((The Turkish Petroleum company)) in The political Science Quarterly P,277- 278.
- W.R.Hay ,Two years in Kurdistan (1921). E.B. Soane To Mesopotamia and Kurdistan in disguise (1922)


## سەرچاوە عەرەبیەكان


- طه الهاشمي ،مزكرات طه الهاشمي ، ١٩١٩ – ١٩٤٣ ، ج١ ، بيروت ١٩٦٧ نورى عبدالحميد خليل ، التأريخ السياسي لأمتيازات النفط في العراق ١٩٢٥ – ١٩٥٢ بيروت ، ١٩٨٠ .
- عماد احمد الجواهري ، تأريخ مشكلة الأراضي في العراق دراسة في التطورات العامة ١٩١٤ – ١٩٣٢ ، بغداد ، ١٩٧٨ .
- الحسينى ، تأريخ العراق السياسي الحديث ، الجزء الثاني ص ١٠٥ -١٠٨ ( قرارات مجلس الوزراء الصادرة في تشرين الأول و تشرين الثاني و كانون الأول ١٩٢٥ ، بغداد ، مطبعة الحكومة ، ١٩٢٦ جلسة ٢٩/ ١٢/ ١٩٢٥ ص ١٢١ – ١٢٣ .

# Abstract

In this research: I want to point out Kirkuk in the seeker documents and the American, British and Ottoman empire about Kirkuk and how they found oil in this city in the twenties of the last century was a barrier and an obstacle when it came to build a Kurdish government, at the same time, one of the greatest reasons to make Iraq's new Government.

The people of the area demanded an independent government lead by " Shex Mahomood Malik " also the capital could be Sulaimani or Musil – but unfortunately even when they united the state with Iraq they didn't negotiate with its people when they wanted an independent state .

After the English attacked Iraq and took over the city (Basra ) in the Spring of 1917 ,after that the Capital (Baghdad ) and the rise and the Progress of their army towards the north to take over the Capital of the state which was (musil) . after they conquest (kirkuk) in September 1918 they were only a few miles away from taking over the state (musil) , ( Modros) contract, which was signed between the English and the Turkish in the same year it said that the English Should not go further by Inundating States, In this Situation a problem appeared called (( the problem of musil state)) between four sides (( The English smelled the oil and planned to take over the state by themselves , and for that matter they bargained with the French and then manipulated them , but when the French knew all about it , it was too late and the bargain was already done , (( also the French de minded the state because the state was given to them as it said (syxe – picko)) in 1916 . ((the Turkish wended the state and as they said Kurds and Turks were one nation , so they said it was their right to take over the state mean while they called the Kurdish clan chiefs (( Turks)) . They announced that Musil sates Economic advantage and social connections were similar to ardors, but of course none of these Excuses made any sense because all of those different sides which were mentioned before, never had any right on the state but the native inhabitants of the state owned that right who were most Kurds either were ( Muslims or Christian or Shabak or Arabs Tursk or Ezidis ) they were the only people who had the right to decide their state's destination.